دەقی شانۆیی

سەبا ئەحمەد

# میوانەکانی دۆزەخ



کەسایەتییەکان:

١. کچی یەکەم کەمئەندام کە لەسەر کورسییەکی گەڕۆکە.

٢. کچی دووەم خوشکی.

٣. کچی سێیەم خوشکی.

٤. کوڕێک کە برایانە.

**پەردەی یەکەم**

سەرتەختەی شانۆ تاریکە دەنگی قیژەو هاوار لە پشت پەردەوە دێت پاش ماوەیەک مۆسیقا سەرتەختەی شانۆ ڕووناک دەبێتەوە.....

کوڕێک بەتەنیشت سێ کچی ڕەش پۆشەوە دانیشتووە دوان لەکچەکان بەردەوام سەریان لەسەر ئەژنۆیانە وئەگرین.

کـوڕ: بیـبـڕەوە ئەم گـریان گـریانـە..خـۆت کـوشت ،ئەوە بۆمـانگێکە وچانێک بێـدەنگ نەبوویت.پشوویەک بدە!

کچ ۱: ناتوانم.. کـەس نییـە هـەست بەم ئاگرەی ناخی من بکات..کـەبەئۆقیـانووسـەکانـی دنیـا ناکوژێتەوە ودانامرکێ..

کچ۲: بۆ وا ئەزانی هەر تەنها ئێمە دایکمـان مردووە..؟ مـردن بۆ هـەمـوو کەسـێکە.. دەبێبڕەوە با چیتر نەبینە قسەی خەڵکی... ئەم وئەو.

کچ۱: ئێـوە نـازانن دایک بۆ مـن چ مـانایەکی هەبـوو.. دایکم ئەو شـورایـە بوو کـە هـەردەم دەوری دابووم لە هـەمـوو بەدبەخـتـیـیـەکـانی دنیـای ئەپـاراسـتـم، ئەو گـوڕی پێ ئەدام بەبـێ هیچ هیوایەک بژیم.

کچ۳: دایکم واتا پەرژینێک بەڕووی نەهامـەتییـەکاندا .. مەرگـی دایکم یەکـەمین هـەڵوەشـاندنەوەی شـیـرازەمـان بوو، یەکـەمین لـەقـینی کـۆشکەکـانـی ئاسـوودەییـمـان بوو..ئۆف دایکە پەرژینەکەم..!

کوڕ: بۆ ئێوە من بەهیچ نازانـن ئەی لەبەر خاتری ئێوە نییە دەمـەوێ سەری خـۆم هەڵگرم وبڕۆم بۆناو توناوتونـەکانی با با.. بەڵام ئێوە خـۆش بەخت بن.. لەم نـەهامـەتی وهـەژارییـە قـوتار بن..

کچ۲: هەموو کەسێک پشت و پەنایەکی هـەیە ئێمـەش برایەکمان هـەیە.. دەبێ لە قسـەی دەرنەچین وئەو هـەرچی کرد لە قازانجی ئێمەدایە.. با پێمان نەڵێن متمانەیان بە براکەیان نییە.

کچ۳: ئێمـە خـۆمـان دەزانین قازانجـمـان لە کوێدایە.. هێشـتنەوەی جێ دەسـتـەکانی دایکم تاقـە سەبوری و پەنامانە..

کچ۲: یەکێک لەو شتانەی لەتەمەنمدا لێی ترسابم ڕووبەڕووبوونەوەی کەلله ڕەقییەکانی ئێوەیە.

کچ۱: تەنها بۆنی شیرینترین ڕابردوو تارمایی وگرانترین سۆز لێرەدا هـەست پێ دەکەم..

کوڕ: بەم کـەلاوەیە ئەڵێی لات بۆتە قـەسـری ڕەزاشـا..ئەمـە ئێمـە نەبین سـەگیش گـوزەرانی تیـا ناکات..

کچ۱: من دەمـەوێت ئەو سـەگـەبم کـە لێرەدا گـوزەران بکەم..بەڵام بۆن بە جـێ پێکانی دایکمـەوە بکەم.

کچ ۳: بۆ هێـشـتنەوەی سـایەی دایکم دەمـەوێت ئەم لادیوارە بکـەمـە وێنەیەکی گـەورەی دایکم.تا هـەمیشـە هـەست بە ئامادەیی بکەم..

کـوڕ: کـام لادیوارە؟ دەترسم بـەمـە بڵـێن مـاڵ؟، ئەمـە بۆ ئێـمـە لە ژیانـدا هـەرمـایەی سـزابوو

کوێرەوەریترین ڕۆژانی ژیانمان تێدا گوزەراند.. بەرنەفرەت کەوێ چ لانەیەکی شوم بوو بۆمان. باوکم تا مرد نەیتوانی قەرزەکەی تەواو بکات و دایکم بە نانی مالان توانی دوای سێ ساڵ لە هەڕەشەی خاوەن قەرزەکان ڕزگارمان کات.. بۆ لاتان بۆتە بەهەشت..؟بەرنەفرەت کەوێ چ لانەیەکی شووم بوو. من هێندە ئارامم هەبوو تا دایکە داماوەکەم بخەمە چاڵ ئەودەم ئەم خانووە ڕەزا تاڵترین جێگایی دنیایە..گەربۆشم بکرێ بەگەڕەکەکەشەوە لە سەرنەخشە ئەیسڕمەوە...

کچ١: بۆ ئەتەوێ هەموو بیرەوەرییەکانی دایکم بسڕیتەوە.. ئەگەرنەتهێشتن چی لەبریاندا دائەنێی.. کامە ئێستات؟ ئێستاشمان لە ڕابردوومان ڕەزیلترە وبێبەریترە لەشادی..

کچ٣: چ بەدنمەکیەکە مرۆڤ تف لە ڕابردووی خۆی بکات.. چ سپڵەیە مرۆڤێک دووێنێی لەیاد نەمابێت..

کچ٢: کاتێک تف لە ڕابردووی خۆم ناکەم.. ڕابردووم مایەی شانازیم وڕێز بێت ئەوەی ئێمە هەمووی ڕسوای بوو..سەرکزی وشەرمەزاریمان بوو.

کوڕ: ئێوە هەست بەخۆتان ناکەن ئەگینا بۆنی گەنیوی ئەم ماڵە هەموو گەڕەک وشاریشی بێزار کردووە.. ئێمەش بووینەتە بۆگەنترین گیانلەبەر.. نابینن یا بەچاوی بەزەیی یا ڕسوایی گەڕەک سەیرمان دەکەن..؟

کچ١: بە عارەبانەکەی خۆی دەئاژوێت ودەچێتە بەردەمی براکەی.. دەڵێ: گەر ئەم سوکنایەت فرۆشت من چی؟ سکێچەکانی خوشکەکەم چی.. جلوبەرگەکەی دایکم چی؟ فیشەک دانەکانی باوکم چی..؟ دەتەوێ فڕێیاندەیتە کام زبڵدان؟!

کوڕ: ئەوانە هەموویەشێکن لە ژیانی پڕکوێرەوەری بەشێکن لە شەرمەزارییەکانی ئێمە بەشێکن لە خەڵەتانەکانی ئێمە بە هەناسە کەوامان هەست ئەکرد ئەژین..ئێوە هەست ناکەن وەک من نایەنەدەرەوە.. وەرن سەیرێکی گەڕەک کەن وائەزانن وەک جاران ماوە.. ئێستا بەتەنها ماڵی ئێمە بۆتە مایەی دزێوکردنی گەڕەک وسەرچاوەی بۆنی ناخۆش..

کچ٣: بەلامەوە زۆر ئاسایيە کاتێک باشتر شک نابەم خراپی خۆم نادۆڕێنم..ئێمە تازە بەشێکین لێرە ناتوانین حاشای لێ بکەین.. دان پێدانان باشترین چارەسەرە بۆمان..لێرە نەبێ بچین بۆ کوێ؟

کچ٢: بۆ ئێوە وا دەزانن من ماڵم نییە ئەی ئەو کۆشکەم بۆچی یە؟ گەرئێوە تیایدا هەست بەئارامی نەکەن.. هەرچی بم خوشکی ئێوەم.. هاوسەرەکەشم لەمن زیاتر ڕێزتان لێدەگرێت..فرۆشتنی ئەم کەلاوە بە ئەو سودی خۆی وکۆمپانیاکەی تێدایە..با مرۆڤ لە

ڕوی قازانجی دۆستەکانیەوە بەخیل نەبێ..

کچ١: جێ یەک نییە لەم گەردوونەدا ئەو هەموو ئاهو حەسرەتانەی من بگرێت، ئەم وێرانەیە نەبێت..ئەمە ڕابردووی منە.. من ئێرەش داهاتوومە بێ ئێرە من قەلەندەرم لە کۆشکی شاهیدا نا ئاسوودەم..نامۆم.

کچ٣: گەربەردێک لە دیواری ئەم خانووە بفرۆشرێت سەرپاکی خەونی ئایندەو گرێکانی ڕابردوومان خاپوردەبێت (فلّچەکەی هەڵدەگرێت ودەست ئەکات بەوێنە کێشان)

کوڕ: گەر ڕێزلە دایکت دەگریت دەتوانی لە خۆشترین باڵەخانەکانی ئەم شارەدا وێنەی بکێشی..نەک لە لانەی مشک وکرمدا..ڕۆژانەمێرووله لەچاوەکانیدا هێلانەبکەن..

کچ٣: وێنە لە جێیەکدا کەنامۆبێ بەخاوەنەکەی بەهەموو هونەری دنیا ناتوانێت عیشق دروست بکات وبێتە نیگارێکی نەمر گەرسایەی خاوەنەکەی نەمرنەبێ..

کچ١: لێرەنەبێ لەهەرجێ یەکی ئەم دنیایەدابم من میوانێکی ڕەزاقورسم..کەس باری قورسی منی هەمووتەمەن پێهەڵناگیرێت..

کوڕ: خوشکەکانم من کێم هەیە بۆی بژیم؟ ئێوە گەر ستوونی باڵای من نەبێ چرای خەونەکانتان بە چیدا هەڵدەواسن..؟لێرە ئەم خانووە بەپارەیەکی باش دەفرۆشین و بەپارەکەی دەچمە هەندەران هەمووچەند مانگێکە کەباشترین خانوو نایابترین ماشین بۆتۆو فراوانترین مەرسەم بۆ تۆی ئازیز دەکەمەوە..هەرچی خوشکە گەورەکەشمە هێندە پارەی بۆ دەنێرمەوە لەبری مێردەکەی ئەو فەرمانڕەوابێت..بەویستی خۆی فەرمان نەک بەسەر مێردەکەیدا بەسەر هەمووپیاوی ئەم شارەدا بکات..

کچ٢: خوا تۆمان لێ نەسەنێ کێ هەبێ لەکارو بیرکردنەوەکانی تۆ دڵنیا نەبێ؟!تۆ برا گەورەمانی تۆ تاقە ئومێدی دایکم بووی..تۆیت دەتوانی مەرگی دایکم ئاسوودە بکەیت..

کچ٣: ئەوەی لە دەستمدایە هەرگیز نایگۆڕمەوە بەوەی دیارنییە کەسێک نییە قەبری ئاواتەکانی دایک وباوکی بفرۆشێت ولەسەربانی خەڵک وەک مەیمون هەڵپەڕێت وەک شێتەکان فرمێسک بڕژێت..

کچ١: من ماڵی خۆم بەجێناهێڵم وئەوەی ئێرە بەکەلاوە دائەنێت ئەتوانێ نەیەتەناوی..

کچ٢: هێندە ئینکاری مەکە بهێڵە با ئێمەش وەک مرۆڤ بژین..بهێڵە بالەزەتێک لەشارستانی بوون ببینین.

کوڕ: ئێوە بەختەوەرن دەرەوەنابینن هەست بەپێشبڕکێی مۆدێلاتی خانووسەیارە ی کەشخەناکەن بۆنی پارە لەبازاڕدا وری نەکردوون وگیرفانی قوپاوی خۆتان بەکاغەز

هەڵنەئاوساندووە..گرەوێکتان لەسەرشارو گەڕەک نەکردووە بەقومارێک نەبوونەتە ملیۆنێر وەزیری قومار چیتان نەدیوە ئێوە هەقتانە متمانەی خۆتان بەرامبەر ژیان لە دەست نەدەن نەچوونەتە ناو ماشێنی برادەرو بەپۆزەوە هەواڵی نرخی دۆلاری بەمۆبایلی ئاخرمۆدێل نەپرسیوە...هەقتانە مردنی هەمەڕەنگی ئەم خاکەو خیانەتی دۆست وبرادەرتان نەدیوە هەقتانە گەرلەم شوورایەدا شلویٚ نەبوون بەبۆنی ژیانی نویٚ.. و بەموقەدەسی مابنەوە هەقتانە..کە وابڵێن..

کچ٣: من لەم کەلاوەیەدا ئەتوانم متمانە دروست بکەم هەمووگەرداوەکانی ژیان نەمبزوێنی..

کچ٢: ئەو قسەیەکەبەرلە کەوتنە ناو ئەزمونە سەختەکانی ژیان مرۆڤ دەیکات..پارە جەستە بەمرۆڤ هەراج دەکات..بەکێش بەوکەسانەی ژیان شلویٚ ئەکەن بەژیانی نویٚ و.مانای ناباو بڕیاری سەرپێی.

کچ١: ئەمانە دەزانم بەرگەگرتنی ئەم گەردەلولە هێزی دەویٚ منیش گریانم هەربۆئەمەبوو دڵنیا بووم بە مەرگی دایکم ئێمە هیزی جێگیربونمان لە خاکدا لە دەست ئەدەین،ئەو دەم دەبینە پەلاشی دەم باو باش بەویستی خۆی دەمانباو دەمانباو هەرگیز ناگەڕێینەوە سەر یەکەمین جیٚ پێکانی پاکیزەیی..

کچ٣: دایکە لەکویٚی سەرێک هەڵبڕە دوافرمێسکە ساردەکانت بسڕەوە کە بەنائومێدانە بۆ ئێمەت هەڵڕشت ببینە کچەکانت چۆن دەکەونە بەر زەبری ڕۆژگار چۆن هەڵئەدرێنە ناو دنیایەک کەپاکیزەکان تیایدا لە ناو دەچن..

کچ١: وەرە بمانبە بۆ گۆڕیشبیٚ سەدان جار لەم ژیانە جوانترە، کە هەرگیز لەگەڵی ڕانایەین و ئەبەد بۆمان دەستەمۆ نابیٚ..بمانبە بۆ پشت شووراکانی خاک بەس لەبەر چاوانمان ونکە جێمان مەهێڵە بۆ مەسخەرەی دۆست وبێگانە..

**پەردەی دووەم**

سەرتەختەی شانۆ هەرسیٚ خوشکەکە لە کەلاوەیەکدا دانیشتوون

کچ١: دەمزانی..هەرزو ئەمەم بە بیردا ئەهات کەئێمە ئەبین بە ژێرپێی و ژێر باری گرانی ئەم گەردونەوە..ئێمە لەکویٚ باسکی لوسی ئەم سەردەمەمان بۆ بائەدریٚ..

کچ٢: چۆن توانیم متمانە بەبرایەک بکەم کەسەرجەم ڕابردوو ژیانی لیٚ فڕاندم و کردمیە قەلەندەرو ئەفەرۆزی ناوماڵو مناڵی کردم.

کچ٣: تاوانی تۆش بوو..بەتەنها ئەوتاوانبار نەبوو..هەمیشە پشتیوانی خەیاڵە ئاڵۆسکاوەکانیت

ئەکرد..تەرازووی خەیاڵە بێ ماناکانیت لاسەنگ وقورسترئەکرد.

کچ٢: ئێوە تەنها لەلایەکەوە فشارتان لەسەربوو بەڵام من لەچەندین لاوە ئەنجامەکەشی بەسەر مندا شکایەوە..براکەم دەهاتە لام و باسی ئەوەی ئەکرد کە فرۆشتنی ئەوخانووە چەند باشە وجێگاکەی چەند گرنگە بۆ پرۆژەیەکی بازرگانی بەبێ ژمارە پارە ئەکات.. مێردەکەشم لەلایەکەوە هەڕەشەی ئەوەی لێ دەکردم کەئەبێ خانووەکە بەکۆمپانیاکەی ئەو بفرۆشین وبەشی خۆم لەمیراتی بەرم..

کچ١: ئەوە ناکاتە ئەوەی هێندە سووک وئاسان خۆت تەسلیم بەتەماح وچاوچنۆکییەکانی ئەوان بکەی..ئەوائێستا خۆت وماڵ و مناڵ و شوێنەواری دایکت وباوکیشت وئێمەشت دۆڕان.

کچ٢: ئێوە هەرچۆن بێ لەمن باشترن تەنها بێلانەن..هەرمن بێماڵ ومنداڵ و دەرکراو ڕیسوای ئەم گەردوونەم..من لەسەد لاوە دۆڕاوم، ئەورۆژەی خانووەکە درا بەکۆمپانیایەکی کە ،ئیدی ژیان لەمن بویە دۆزەخ زمانی شادیم شکا و کاتێک لە بەشەمیرات بێ بەش کرام چیدی شایانی ئەوەش نەبووم لەو ماڵەدا بژیم..

کچ٣: هەریەک لە ئێوە لە شتێکدا لەمن باشترن هەرچۆن بێت خاوەنی ڕێزوڕەوشتی خۆتانن وەک من نەبوونەتە گوڵەژاڵەی سەر مێزەکان..بەڕوخساری گەشاوەو بەهەناوی سووتاوەوە پێکەنینی ساختەتان نەخستۆتە سەر لێوتان شەوی درێژتان بۆخەڵکی کورت وبۆخۆتان نەبڕاوەنەکردووە.. ڕسوای وتوانج وقسەی سوک هەناوی نەبڕیون بۆنی ناخۆش دەروونی تێک نەداون.

کچ١: هەرچۆن بێت تۆلەئێمە باشتری تۆ لەبەر خاتری قاچەنالەبارەکانی من بۆ خواردنی ڕۆژانەی خوشکەلانەوێرانەکەم خۆت کردۆتە قوربانی تۆ لە ئێمەئازاتری.. منم سەرچاوەی هەموو کوێرەوەرییەکان خەمی منیش دایکم وباوکە داماوەکەمی تواندەوە.

کچ٣: کەس نییە لەم جیهانەدا بە لەشفرۆشێک بڵێ پاک.. دەتانەوێ بەو قسانە پاساوبۆ ناشیرینییەکانی من بهێننەوە.. بمخەڵەتێنن بەناو شۆرەتی بێماناوناجۆر کە کەس باوەڕی پێی نییە تەنانەت کڕیارەکانیشی باوەڕیان پێی نییەو دەیکەن.. پیاوانیش لە کاتی خۆونکردن لەناو لەزەتەکاندا دەڵێن تۆ فریشتەی تۆ پاکیزەی، بەڵام هەرگیز ڕازی نییە ئەو فریشتەیە بەرێتەماڵی خۆی بۆهەتایە..

کچ٢: گومانم لەوەدا نییە تۆبۆ بژێوی ئێمە واتکرد بەڵام هەزار جۆری کار هەبوو.. دەبوکاری ترت هەڵبژاردایە.. مایەی ڕێزی بوایە بۆ تۆو بۆئێمەش..نەتکردینایەتە جێی ئاماژەی پەنجەکانی خەڵک کەهەرگیز ڕەحمێک ناکەن.. تا نەیان وتایە بەرگەی ساڵێک بێ گەورییان

نەگرت.

کچ١: من هەرگیز سڵ لەزمان ولەئاماژەکانی خەڵک ناکەمەوە گەربۆ هەریەک لەوان بلوێ زۆر لەوە بەدکردار ترن بیری لێ ئەکەنەوە ئێمە ناتوانین بچینە ناو خەونەکانی خەڵک دەنا لەناو هزری هەریەکێکیاندا گەردەلوولێک ئارەزووی خەفە خۆی مەڵاسداوە و بۆ هەلێک ئەگەڕێ، لەگەڵ خۆیدا پاکیزەییەکانی سەرزەوی لووشدا..

کچ٣: هەقتە ئەوقسانەبکەیت..زۆردەگمەنە کەسێک بە پێناسەی جەستەتانەبێ کارێکت پێ بدا لەم سەردەمەدا بەرلەلێکۆڵینەوە لە پسپۆڕیت دەبێت پەنجەکان ئاشنابن بە جەستەت تاکارێک لە ئاستی جەستەتدابێ پێت بسپێرن..تێناگەم بۆ زەوی دەمی ناکاتەوە هەموومان ناخاتە هەناوی گەرمی خۆی، ونمان کات تاچیتر بەرنەفرەتی ئاژەڵە دڕندەکان نەکەوین چونکە ڕێزمان بۆ ئەوانیش نەهێشتووە چونکە ئەوان خاوەن یاسایەکن وئێمە یاساکەی ئەوانیشمان بە هەنگاوی کوێرانەمان شێلا.

کچ٢: لە ئێوەدەگەم بەڵام من منداڵەکانم دەبێ ئێستا چۆن بژین..؟چۆن بخۆن چۆن بیربکەنەوە..؟!ئێمە دایکمان نەما توشی ئەم هەموو قوڕبەسەریە بووین بەم تەمەنەوە..ئەی توخوا ئەوان چی بکەن..؟!

کچ١: بەڵکو ئەوان پێشەواوبەخێوکەری دڵسۆزیان هەبێ وەک ئێمە فڕێ دراینە بەردەم زەبرو گورگەکانی ڕۆژگار ئەوان باشتر بژین ئەزمونێک لەئێمە وەرگرن....

لەو کاتەدا براکەیان بەخۆی وچەقۆیەکەوە دێتە سەر شانۆ رووەدکاتە کچ٣ودەڵێ:

کوڕ: سەرت پێ شۆڕکردم ئابڕووی چەند ساڵەمانت تکاند شارپڕبوە لە دەنگ وباسی کارە حەیشەرییەکانت..تۆ چ بەڵایەک بوویت خۆت بۆشەرەفمان مەڵاس دابوو..

کچ٢: قەت دانیشتوویت ولە خۆت پرسیوە هۆکاری ئەو ئابڕوو چوونەی چییە؟ هەرگیز نەتزانیوە بۆ وائەکات..تۆ دەروازە یەکت نەهێشتەوە لێی بدات..

کچ١: دەبوو هەرکەس لەم دنیایەدا باسی لە ڕەوشت و ئابڕوو بکردایە تۆنەت کردایە..دەکرێ بپرسین چۆن ڕێگای ئەم کەلاوەیەت دۆزییەوە..لەو ڕۆژەوەی خانووەکەت فرۆشتووە کەس تۆی نەدیوە؟ نازانین لەکام بارو ماڵی کامە سۆزانیدا کاتەکانت ئاوێتەی پێکەنینێکی ساختە دەکەیت وشەو لەباوەشی کێدا ڕۆژئەکەیتەوە.

کچ٢: ئەو ڕۆژەی کریاری خانووەکە هات و ئێمەیان هەڵدایە سەرشەقام و بەبەرچاومانەوە بەشۆفڵ کەوتنە وێرانکردنی ڕابردوومان تۆ لەکوێ بوویت ؟لەکام سەیرانگا شوشە خاڵییەکانت فڕێ ئەدایە ناو ئاوەکانەوە بە پاشماوەی جگەرەکانت پاوەنەکانت ئەسووتاند.

کـــوڕ: دەبوو هـەریەک لەوان قـــســـــەی بکردایە تۆ نـەتکردایـە..تۆش ڕازی بوویت لـەســــەر فـرۆشـتنی..دیارە چـاوەڕێی بەش بوویت..تۆ زۆر خـەشـیـمی من خـانووی باوکم بەسـەگ بفرۆشم نایدەم بەزاوای چاو چنۆک..

کچ١: بـەڵێ..ئـا..چـاوەڕێـی بـەش بوو. بـۆ نـابـێ ئەو بـەشـی هـەبـێ بەش هـەرتـەنـهـــا هی تۆ بـوو یاهەمووومان..ئێمە سێ کچ بوین تۆ برایەک کوا بەشمان..؟

کچ٣: کوا..؟پارەی خانووەکەت چی لێکرد..با هیچ نەبێ جێ یەکی پێ دابین کەین بۆ ئارامی..بۆ پاراستنمان لەباران و لەخۆرو لەچاوی هەوەس بازانەی خەڵک..

کوڕ: جێ یەک بۆچی..؟بۆ ئارامی یا بۆ کردنەوەی..هێن خانەیەک، تۆ لەبەر بارانیش بیت ئیشت ئەڕوات خـۆت فـرۆشـیـاری هەوەسـیت..چاوەڕێی هیچ لەمن مـەکـەن (گـیـرفـانەکـانی هەڵئەگێڕیتەوە) ئەها..هیچم پێ نەماوە بۆ ئێوە بازاڕی ئەم وڵاتە بەچی ئەزانن ئەمە حوتە حوت..زەریایە بەهیچ پڕنابێتەوە..نەک بەپارە بەخوێن وئێسک وپروسکی هەمووشمانەوە هەڵمان ئەلووشێ..

کچ١: ئەو حـوت نەبـو تۆ حـوت بوویت..بۆ وا ئەزانـی هـەرباسی بێ ڕەوشـتـی خـوشکـەکانت بەتۆ ئەگا..ئەم وڵاتە هـەموو پەیامنێری قسەی خـراپن..ئەی خۆت..ئەو پارە خەیاڵیە..سەرجێیی ژنانی سـۆزانی وقـومارنـەبـێ بەماوەیەکی وا کـێ تەواوی ئەکات..؟شـەرواڵەکانت تێرنەبوون پارەکـەت تەواو. ورگت نەبـوو بەتەنکی وپارەکەت تـەواوخـەیاڵەکانت نەیکردیتـە ئەفـسـانە وپارەکەت تەواو..

کوڕ: بیبرەوە..گەرباری قورسی تۆ نەبوایە سەردەمێک بوو هەمومان ئاسوودە بووین..هەریەک لە خوشکەکانم لەماڵی خۆیان بون ومنیش لە هاندەران..تۆیت ئـەمـانبـەسـتیـتەوە بە جێگاو ماڵێکەوە..

کچ٢: خـۆ تـۆ خـاوەنی پارەی خـۆت بویت ئەیچـۆن نـەچویتـە هاندەران ؟بـەپارەی وا بەئاسـانـترین شێوە ئەچویت..

کچ٣: ئەم لـە ناوجـێی ژنان وبێـهـۆشی تلیـاک بەری نەدا بڕوا کـە پارەی پێـبوو لـە هەرکـوێ بێ هاندەرانە ئەم کوشتەی لە زەتە لەزەت.

کوڕ: من هـەرچیم کردبێت..من پیاوم..پیاو..بێ ئەخلاقی بەپاشـەڵی منەوە نانووسێ..تۆ سـەرت پێ شـۆڕکـردین..مـۆریت و نووسـای بە ئـایندەو داهاتوومـانـەوە..ئەبیـتـە ناسنامـەی هـەتا هەتاییمان..کەس لە ناو نیشانی تۆ پاکمان ناکاتەوە.

کچ١: ئەخـلاق...لە هەرجـێ یە لە هـەرکارێک هەرمرۆڤێک لە سنووری خـۆی تێپـەڕی ڕۆشـتـە ناو

سنووری کەسانی کە ئەوەی پێیناخۆشە لەگەڵ خۆی بکرێ لەگەڵ خەڵک کردی بێ ئەخلاقیە..بۆ وا دەزانی هەر ژێر تەنوورەی خوشکەکەت ئەخلاقە..؟!

کوڕ: فەلسەفەکانت کۆکەرەوە..ئێرە کۆڵانە بانەڕژێت با تێکەڵ بەم خۆڵە پیسەی کۆڵان نەبێ ،ئەمرۆ هاتووم دەمەوێ ئەم نەنگیە بسڕمەوە.

کچ٢: گەر لای تۆ پەڵەی نەنگیە تاکە سەرچاوەی بژێوی ئێمەیە..لە کاتێکدا ئێمەت جێ هێشت ئەو فریاد ڕەسمان بوو.

کوڕ: کەواتە ئێوەش بمرن لە گەڵیدا..هەمووتان بەیەکجاری خۆتان بکەنە یەک مەشخەڵی مەزن بامنیش ڕزگارم بێ لەم هەموو بەد بەختییە باوەک سەگێک تەنها خەمی خۆم هەبێ وبەس.

کچ١: ئەی تۆ خاوەنی هیچ ڕەوشتێ نیت..کێ بێت وتۆش بسڕێتەوە..کێ بێ بەخۆت پاشەڵتەوە فڕێت داتە ئەو دیو مەرزەکانی ژیان.

کوڕ: پاڵێک بە عارەبانەی خوشکە کەیەوە ئەنێت وئەی خاتە خوارەوە پەلاماری خوشکەکەی ئەدات ئەیکوژێت پاشان دەستەکانی خوێناوی ئەکات وئەیهێنێت بە دەموچاویدا وئەڵێ: ڕوی زەردی خۆم سوورئەکەم، شەرەفی پیسم ئەسڕمەوە ،ئەیکەمەوە بەئاوی کانی پاک پاک بێ هیچ جێ پەنجەیەک...

خوشکەکانی ئەچنە سەری و دەست لە خوێنەکەی وەرئەدەن ودەستە خوێناوییەکان بەدەم وچاوی خۆیاندا ئەهێنن و..ئەڵێن:

کچ١: تۆ مایەی ڕووسووریمان بووی..ئێمە تۆمان ڕووزەردکرد بمانبەخشە تاکە قوربانی هەموومان..

کچی دووەم ڕائەکات و لەپشت پەردەوە خۆی ئەسووتێنێ..قیژەیەک و گڕێک بەرز ئەبێتەوە..خوشکی یەکەم ئەگەڕێت بەسەر تەختەی شانۆکەدا وهاوار ئەکات کێ گوناهبارە..؟! بەتەنها منم خاوەنی هەموو تاوانەکان من بووم باری سەرشانی هەموویان..خێرتان ئەگات کێ ئەم بارە لە کۆڵی ئەم ژیانە دائەگرێ خێری ئەگات.. ئێمەی میوانەکانی دۆزەخ لێرەو لەوێش هەر خڵتەکانی ناو ژیان بووین..خێرتان ئەگا کەسێک بمسڕێتەوە خۆم ئەو هێزەم نییە.. خێر...خێر... لەڕێی خوا....

بەبێ پرسی نووسەر کەس مافی کارکردنی لەم دەقەدا نییە.

٢٠٠٧/١٢/١٠